| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ) | 13000 | 28000 | 45000 | 55000 | | |
| 7 | ئەسپیندار ( چنار ) | -2000 16000 | -20000 35000 | -38000 55000 | -58000 70000 | | |

**تێبینی :**

**یەکەم : داری جۆراوجۆری سروشتی (خۆرسك): بریتیە لە داری خۆرسك و لەوانەش ئەم جۆرە دارانەی خوارەوە:**

**دار بەڕوو (هەموو چەشنەکانی)، دار قەزوان (هەموو چەشنەکانی)، کەوەت، تاوك، کروسك، گێۆژ، ئەرخەوان ، باوی ، هتد..**

**دووەم: رووەکی دەوەنی سروشتی : بریتیە لە روەکی دەوەنی جۆراوجۆر کە خۆرسکن و لە وانەش :**

**کنێر، بلالوك، هەڤرست، روولك، گەز، تووترك، تەوسك، کەفرۆك، شواشینك، سماق، هتد...**

**سێ یەم: داری جۆراوجۆری دەورویارەکان: بریتیە لە چەند جۆرە دارێك و لەوانەش دار بی، بناو، پەلك، هتد...**

**چوارەم : لە کاتی خەملاندنی دار ئەسپیندار پێویستە لە یەك دۆنمدا لە 1250 دار زیاتر هەژمار نەکرێت.**

**دار: هەر روەکێك کە قەدی سەرەکی هەبێت و (تەختەیی) بێت و بەرزی بگاتە زیاتر لە (6) مەتر بە گەشە پێکردنی سروشتی خۆی.**

**دەوەن : هەر روەکێك کە بەرزیەکەی نەگاتە (6) مەتر بە شێوەی گەشەپێکردنی سروشتی خۆی.**

**عبدالستار مجید قادر**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**بەیان**

**بە پێی ماددەی پێنجەم و ماددەی شەشەم و حەوتەم و لە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (6ی ساڵی 1993)ی هەموارکراو و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندابە:-**

**1- کردنەوەی شارەوانی (نصر) لە ناحیەی وارماوە لە پارێزگای سلێمانی .**

**2- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

**نەورۆز مەولود محمەد ئەمین**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15) ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 91 ) ساڵی 2014**

- **کردنەوەی (ئەم هۆبانەی خوارەوە ) لە مەڵبەندی تەندروستی چوارقوڕنە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .**
- **هۆبەی 1- ددان 2- چاودێری تەندروستی 3- تاقیگە 4- دەرمانخانە 5- خۆیەتی 6- چاودێری دایکایەتی 7- کوتان 8- لەدایك بوون و مـردن 9- تەندروستی خوێنـدنگاکان 10- چـاودێری گەشەی منداڵان 11- چارەسەری سروشتی 12- کۆگای دەرمان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی 2014/8/14 .**

**بەیانی ژمارە ( 92 ) ساڵی 2014**

- **بە کردنەوەی (هۆبەی یاسایی) لەپەیمانگای پزیشکی دادی سلێمانی سەر بە بەرێوەبەرایـەتی گشـتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی 2014/8/14 .**

**بەیانی ژمارە ( 93 ) ساڵی 2014**

- **کردنەوەی (نۆرینگەی دەرەکی) لـە نـە خۆشـخانەی فریاکـەوتنی رۆژهـەڵاتی هـەولێر سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی 2014/8/14 .**

**بەیانی ژمارە ( 94 ) ساڵی 2014**

- **کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروسـتی سـیروان) لـە بەڕێوەبەرایـەتی تەندروسـتی خانـەقین سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی 2014/8/14 .**

**بەیانی ژمارە ( 95 ) ساڵی 2014**